

سەرەتایەکی پێویست

ئەو کاتانەی سەرقاڵی کاری پەروەردە بووم، چیرۆکی زۆر بەتام و چێژی منالاْنم بەهۆی کارەکەمەوە دەخوێندەوە. یەکێك لەو چیرۆکانە ئەم چیرۆکە بەناوبانگەیە، کە دەتوانم بلێم: بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، جگە لەوەی چەندین جار کراوە بە فیلم. من لێرەدا نامەوێت باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بکەم، کە هەر ڕستەیەکی چەندین پەندین پەندی تێدایەو پرسیار لەلای منالْ دروست دەکات. بەڵکو دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەوە ڕابکێشم، بۆچی نووسیومە ئامادەکردن، نەك وەرگێڕان! سەرەتا ئەم چیرۆکەم لە نامیلکەیەکدا لەژێر ناوی (هایدی) دا خوێندەوە، کە ناوی نووسەری لەسەر نییە، پاشان لە (کتێبخانەی شار) ی ئەم شارە نامیلکەیەکم لە ژێر هەمان ناودا بینی بە بێ ئەوەی ناوی نووسەری لەسەر بێت، جگە لەوەی دوو جار بە فیلم ئەم چیرۆکەم بینی لە یەکێکیان ئاماژەی بە ژنە نووسەری سویسری یوهەنا شپیر*١کردبوو، منیش بۆ ئەوەی بگەمە ئەو ئاکامەی، کە ئایا بەڕاستی یۆهەنا شپیر خاوەنی ڕاستی چیرۆکەکەیە سەردانی ئەم سایتە سویسرییەم کرد (www. heidi01. ch) بۆم ڕوونبووەوە، کە نووسەری ڕاستی ئەم چیرۆکە خانم یۆهەنایەو سەدو بیست ساڵ پێش ئێستا ئەم چیرۆکەی نووسیوە، بەلاْم بەهۆی چەندین جار نووسینەوەو بە فیلم کردن، ناوی نووسەرەکە کەم تا زۆر ونبووە. بەهەرحاڵ منیش هەمان کارم کردو لەکۆی هەموویان ئەم چیرۆکەم دروستکرد، کە هەمان چیرۆك و هەمان ناوەڕۆکە، بەلاْم بە زمان و داڕشتنێکی سادەتر. لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە بێلێم: وەك ئامانەت و مەسەلەیەکی ئەخلاقی لەنووسیندا ناوەکان لەبەر قورسیان بۆ منالاْنی کورد گۆڕی بۆناوی ئاسانترو چیرۆکەکەم کورت و چڕ کردەوە، بە بێ ئەوەی یەك گەرد لە بایەخ و گرنگی چیرۆکە ئۆرگیناڵەکە کەم بکەمەوە، بۆیە هیوادارم نەك خزمەتێکم کردبێت، چونکە بە ئەرکی خۆمی دەزانم تەنهاو تەنها توانیبێتم دڵی منالاْنی کورد ڕازی بکەم.

*١ یۆهەنا شپیر Johanna Spyriژنە نووسەری سویسری لە12. 7. 1783 لە هیرتسەلHirzelی سەربە کانتۆنی زیوریخ هاتۆتە دونیاوەو لە 1859کۆچی وایی کردووە.

لە ڕێگای ئەم مایلەوە y_khelani@yahoo. de یا کوردستان نێتەوە www. kurdistannet. org دەتوانن ئەم چیرۆکەتان بەدەست بکەوێت.

هایدی



چیرۆکی منالآن

ئامادەكردنی: یاسین بانیخێلآنی

بە ماندووی هایدی بۆ لای پورە دێتە بە تولە ڕێگای كێوەكەدا هاتە خوارەوە. ئەو دەیوویست سەردانی باپیری بكات، كە لە كۆلێتێكدا لەسەر كێوەكە دەژیا.

تۆ ماندوویت هایدی؟ (پورە دێتە پرسی) .

نا، تەنها گەرمامە. (هایدی وەلآمی دایەوە)

ئەمە هیچ سەرسوڕهێنەر نییە بۆ ڕۆژێكی هاوین، چونكە هایدی بەرگی زستانی لەبەردابوو، لەگەڵ گۆرەوی ئەستوری خوری و جزمەی لە پێ هەڵكێشا بوو، وە شاڵێكی سوری ئەستوری لە ملی ئاڵاندبوو، بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت. پورە دێتە بڕیاری دابوو، كە بە ئاسانی ئەو جلانەی لە جێگایەكدا پێ دابكەنێت و لەگەڵ هەندێ شتی تردا وەك بوخچەیەك بە دەست هەڵی بگرێت.

لەناكاو هایدی كوڕێكی یانزەساڵانەی بینی، كە بزگەلێكی بۆ لای ئەوان دەهانی. ئەو بە كراسێكی تەنك و دەرپێ كورتێكەوەو بە پێ خاوسی لەو ناوە باز بازێنی بوو.

هایدی دانیشت و شاڵەكەی لە ملی كردەوەو هە موو جلەكانی بەری فڕێ دا بەتەنها ژێر كراسە قۆڵ كورتەكەی نەبێت.

"ئەو بزنانە بۆ كوێ دەبەیت؟". توشی هەناسە بڕكێ بوو، ئەوەندە دوای گەنجەكە كەوت.

"بەرەو سەر شاخەكە، لە كوێ لەوەڕی باشی لێبێت" بە خەندەیەكەوە پێتەری شوان.

پاش كەمێك گەڕانەوە بۆ ئەو خانووەی، كە پێتەر لەگەڵ دایكی و داپیرەی تێیدا دەژیان. پورە دێتەو هاوڕێكانیشی لەبەردەم دەرگاكە لە چاوەڕوانیدا وەستابوون.

– هایدی ئەوە چیت لێهات؟ ئەوە جلەكانت كوان؟ پورە دێتە بە ترسەوە گوتی.

"لە خوارەوەیە" هایدی ئەمەی گوت و ئاماژەی بۆ دامێنی كێوەكە كرد.

پێتەر پێكەنی، بەڵام كاتێك پورە دێتە دراوێكی بەدیاری پێدا، بەرەو دامێنی كێوەكە هەڵهات بۆ هێنانەوەی بوخچە جلەكە.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
17-12-2002 23:08

ماڵی باپیرە کەوتۆتە سەرەوەلە بەرزایی کێوەکە، ئەو بەم ڕۆژگارە لەبەردەم هەتاو ڕادەکشێت. لەسەر ئەو کورسیەی بەردەم کۆڵێتەکەی، ئەوەی کە ئێستا لەسەری دانیشتووە.

هایدی بەرەو ڕووی پیاوە پیرەکە هەڕای کردو ڕایچڵەکاند، کاتێك توند دەستەکانی گرت و گوتی: بەیانیت باش باپیرە ! .

"ئەمە چی مانایەکی هەیە" باپیرە کوتوپڕئەم پرسیارەی کرد.

ئێستا پورە دێتە دێت.

" ئەوە کوڕەزاکەتم هێناوەتەوە، کە لە تەمەنی یەك ساڵییەوە نەتبینیوەتەوە.

– ئەی بۆچی ئێستا هێناوتەوە بۆ ئەم بەرزاییە بۆ لای من ؟.

– ئەم کیژۆڵە دەبێت لای تۆ بمێنێتەوە، لەوەتەی دایك و باوکی مردوون من بەخێوی دەکەم، بەڵام ئێستا کارێکم لە فرانکفورت بۆ پێشنیاز کراوەو ناتوانم لەگەڵ خۆمدا بیبەم.

– ئێ چۆن بتوانم ئێستا لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەم، ئەگەر لە شوێنی تۆ گریا؟. باپیرە ئەم پرسیارەی کردو بینی پورە دێتە زۆر نارەحەتە.

– دەبێت تۆ یەکێکی تری بۆ پەیدا بکەیت، کە خەمی بخوات، من دەبێت بڕۆم، خوات لەگەڵ هایدی. ئەمەی گوت و بە پەلە بەرەو بناری چیاکە کەوتە ڕێ.

کۆڵێتەکەی باپیرە تەنها یەك ژووری سەربەخۆ بوو، کورسی و مێزێك لە ناوەڕاستیداو لەلایەکیدا جێگای نووستنەکەی لێبوو، بە دیوارەکانیشیدا چەند چراو لەمپا هەڵواسرابوون.

– باپیرە، من لە کوێدا دەتوانم بخەوم؟.

– لە کوێ خۆت دەخوازیت.

هایدی بەمە خۆشحاڵ بوو، بە هەموو گۆشەو کون و قوژبنێکی ماڵەکەدا گەڕا، هەتا پەیژەیەکی دۆزییەوە، کە سەردەکەوت بۆ ناو کادانەکە، ئەویش بەپەلە خۆی خزاندە سەرەوە، بینی لەگەڵ ئەوەی جێگایەکی زۆر نەرمە، (گزرە) *١کەش بۆنێکی خۆشی لێوە دێت.

" باپیرە من دەمەوێت لێرە لەم بانە بخەوم" گزرەکەی بۆ لای ڕاست پاڵناو گوتی: من تەنها چەرچەفێکم دەوێت بەسەری خۆمیدا بدەم.

باپیرەی ڕۆشت بۆ لای دۆڵابەکەو دوو پارچە قوماشی نەرم، کە ئەو بتوانێت یەکێکیان ڕابخاو یەکێکیان بە خۆدا بدات پەیداکرد.

" من ئێستا هیوا ئەخوازم شەو بێت و منیش بچم بخەوم" هایدی وا گوت.

– بڕوام وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە شتێك بخۆین. باپیرە وەڵامی دایەوە

پێکەوە لەسەر مێزەکە دانیشتن و نان و پەنیریان دەخواردو لەناو زەرکێکی*٢ گەورەدا شیری بزنیشیان دەخواردەوە.

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ هایدی گوێی لە دەنگی زەنگۆڵە بوو، کاتێك بزنەکان بەپەلە دەهاتنەوەو پێتەریش لەناوەڕاستیان بوو. بزنەکان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەبەردەم کۆلێتەکەدا مانەوە جگە لە دوو ئاژەڵی جوان، کە یەکێکیان سپی و ئەوتریان قاوەیی نەبێت بەرەو لای باپیرە ڕۆیشتن و دەستیان دەلێسایەوە.

– باپیرە ئەمانەش هی خۆمانە؟. هایدی پرسی.

– بەڵێ،

بزنەکانیش بەردەوام ئەو خوێیەی ناو لەپی باپیرەیان دەلێستەوە.

هایدیش ڕۆیشت زەرکێکی هێناو باپیرەش دەستی بە دۆشینی بزنە سپییەکە کرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد دەفرەکە لێوان لێو بوو. هایدی ئەوە بەسە برۆ پارچەیەك سەمونیش بهێنە. "ئەمە شێو*٣ی تۆیە.

" ناوی ئەم بزنانە چییە؟ هایدی دەیەوویست بزانێت.

– سپییەکە ناوی قازی چکۆلەیەو قاوەییەکەش ناوی ورچی چکۆلەیە.

– شەوباش باپیرە، ئەمەی بەدەنگی بەرز گوت و ڕۆیشت خۆی خزاندە سەربانەکەو پاش کەمێك خەوی لێکەوت.

بۆ سبەینێ هایدی لەدەنگی زەنگۆڵە بە ئاگاهات. لە جێگاکەی خۆی دەرپەڕی و هاتە خوارەوە بینی وا پێتەر هات.

هەموو بەیانییەك پێتەر بزگەلی جوتیارەکە دەبات بۆ لەوەڕاندن، لەبەرامبەر ئەمەشدا پارەیەکی کەم وەردەگرێت.

باپیرە هەردوو بزنەکەی لە گەوڕەکە وەدەرخست بۆ لای بزنەکانی تر.

" دەتەوێت لەگەڵیاندا بێیت؟" پێتەر لە هایدی پرسی

هایدی لە خۆشیاندا شاگەشکە بوو، گورج شوێنیان کەوت بۆ ئەودیوی چیاکە.

پێتەر لە پشتەوە بزگەلەکەی مۆڵدا، کاتێك ئەوان لەسەر سەوزاییەکە پاڵکەوتن، پێتەرو هایدیش پێکەوە دانیشتن و دەستیان بە تاشتی*٤ کرد. هایدی هەرزوو تێری خوارد، بۆیە سەمون و پەنیرەکەی خۆی دا بە پێتەر، چونکە ئەو هەمیشە برسی بوو.

بەدرێژایی ڕۆژ هایدی خۆی فێری ناوی هەموو بزنەکان کرد: تورکی گەورەو بەفرۆکەو زۆر ناوی تر.

ئێوارە پاش ئەوەی هەتاو ئاوابوو، چاوەکانی خەمێکیان پێوە دیار بوو، بۆیە بانگی پێتەری کرد:

پێتەر. پێتەر سەیرکە هەموو شتێك ئاگری گرت، هەموو کێوەکەش ئەسوتێ!

– نا، ئەوە ئاگر نییە، پێتەر بەپێکەنینێکەوە، ئێرە هەمیشە ئاوایە.

دوای ئاوا بوونی هەتاوو توانەوەی ڕەنگەکان، پێتەر گوتی: دەبێت ئێستا بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. کاتێك گەشتنەوە کۆلێتەکەی باپیرە، پێتەر پرسی: سبەینێ جارێکی تر لەگەڵما دێیتەوە؟. پێتەر لەگەڵ هایدا زۆر بەختەوەر بوو، چونکە ئەو زۆر چالاکانە یارمەتی دەدات تا بزنەکان بکەنە ناو گەوڕەکە، جگەلەمەش بەوە خۆشحاڵ بوو، کە کەمێك خواردنی بۆ بهێنێت.

بە درێژایی ڕۆژانی هاوین هایدی چ لە کێوەکەو چی بۆ کردنە ناو گەوڕ یارمەتی پێتەری دا، بەڵام پاش هاتنی پاییز وپاشان

www.kurdistannet.org
17-12-2002 23:08

زستان، کە دەرەوە تەڕو سارد دەبوو. کەس نەیدەتوانی بەتەاوەتی ڕۆژ لەدەرەوە بمێنێتەوە، پێتەریش دەبوایەت بچێتە قوتابخانە.

ڕۆژێکی یەکشەممە، کە بەفریکی زۆر باری بوو، پێتەر لەدەرگای کۆڵیتەکەی باپیرەی دا. پاش ئەوەی هەر سێکەیان بەئاسودەیی لەبەردەم سۆپاکەدا دانیشتبوون، باپیرە پرسی:

– ها جەنەراڵ، چییە سەربازەکانت لەدەست داوە، یا دەبێت ئێستا بۆ جارێکی تر خەمی کاغەزو قەڵەم بخۆیت؟.

– بۆ دەبێت ئەو وابێت؟ هایدی بە تاسەوە پرسی

– لە زستاندا دەبێت ئەو فێری خوێندنەوەو نووسین ببێت، باپیرەی ئەمەی ڕوونکردەوەو گوتی: ئەمە زۆر سەختە یا نا جەنەراڵ؟

– وایە ئەمە ڕاستە، پێتەر ڕازی بوونی خۆی نیشان بۆ قسەکانی.

پاش نان خواردن هایدی یەك دونیا پرسیاری سەبارەت بە قوتابخانە لە پێتەر کرد. . . .

کاتێك پێتەر دەبوایەت بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، گوتی: یەکشەممەی داهاتوو دێمەوە بۆ ئێرەو داپیرەم دەیگوت: دەبێت تۆش بۆ جارێك سەردانمان بکەیت.

دوای ئەم قسەیە ئیتر هەموو ڕۆژێك هایدی دەیگوت: من دەبێت بچمە خوارەوە سەردانی داپیرەی پێتەر بکەم، چونکە چاوەڕوانە.

باپیرەشی هەموو جارێك وەڵامی دەدایەوە، کە بەفر زۆر باریوەو هەموو شوێنێك هەر بەفرە. کاتێك بەتەواوەتی بەفرەکە ڕەق بوو بوو باپیرەی ڕۆیشت سەرسەرە*٥یەکی هێناو بانگی کرد: وەرە. . . هایدی لەتەنیشت باپیرەی دانیشتبوو، کە بەرەو خوارەوە لەسەر سەرسەرەکە زۆر بە خێرایی وەك باڵندەیەك لەکاتی فریندا خزان تا گەیشتنە بەردەمی ماڵی پێتەر. ئیتر لەوێ وەستان.

لە کۆڵیتەکەی ماڵی پێتەردا داپیرە کوێرەکەی دانیشتبوو خەریکی دروین بوو.

هایدی سڵاوی لێکردو گوتی: باپیرەم منی بە سەرسەرە هێنا بۆ ئێرە تا سەردانی تۆ بکەم. نازانم گوێت لێمە؟.

داپیرە بە دایکی پێتەری گوت: ئەو کێونشینە*٦ئەوی بە ستایشەوە بۆ ئێرە هێناوە.

بۆچی باپیرەم وا ناو لێدەنێیت؟ هایدی بە مەراقەوە پرسی.

لەبەر ئەوەی لە جێگایەکی بچوکی وەك ئەم گوندە خەڵکەکەی هەرچۆن بێت خزمی یەکن. لەبەر ئەوەی ئەو لەو سەرکێوە لە شوێنی لەوەڕی بزنەکان ئەژی. ئەو هیچ شتێك لەگەڵ خەلکی ئەم گوندەدا ناکات و زۆر تێکەڵی خەڵکەکە ناکات و دوورە پەرێزی گرتووە لەو بەرزاییە، داپیرە ئەمەی بە خەمبارییەکەوە ڕوونکردەوەو پاشان گوتی: بۆ نایەیت لە تەنیشتمەوە دابنیشیت و باسی باپیرەتم بۆ بکەیت، چونکە پێتەر هەندێ شتی نایابی بۆ گێڕاومەتەوە؟.

هایدی لە تەنیشت داپیرەوە دانیشت و دەستی بە قسەکردن کرد، لە پڕێکا دەرگاکە کرایەوەو پێتەر خۆی بە ژووردا کردو زۆر لە هایدی سەری سوڕما!

– ئەوە چییە ! دیارە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە؟

– پێتەر چۆن وا زوو هاتیتەوە؟. داپیرەی پرسی

– ئاخ، هیچ نییە. ئەو پیرەژنە دادو بێدادێتی " پێتەر پێویستە زیاتر بتوانێت بخوێنێتەوە".

– لەسەر ئەو مێزە کتێبێکی کۆنم هەیە شیعری زۆر جوانی تێدایە، کە ماوەیەکە بە هیچ شێوەیەك گوێم لێی نەبووە. من هەمیشە نیازخوازبووم، کە پێتەر ڕۆژێك بۆم بخوێنێتەوە. ئێستا با چراکە هەڵبکەم، چونکە تاریکی کردووە. دایکی پێتەر ئەمەی گوت.

ئەوە باپیرەم هات من بباتەوە، هایدی ئەمەی گوت و بەرەو لای بازیدا. بەڵام پێش ئەوەی بیەوێت دوای بکەوێت دەیخواست بەڵێن بدات، کە جارێکی تر دێتەوە.

زستان بەسەر ڕۆیشت و هایدی بەتەواوەتی لە بیری چووبوو، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ماڵێکی تردا ژیاوە !.

چەند ڕۆژێك پاش تێپەڕبوون بەسەر جەژنی هەشت ساڵەی لەدایك بوونیدا، لە ڕۆژێکی زۆر خۆشی بەهاردا لە دەرگاکەیان درا، پاش کردنەوە پورە دێتە خۆی بە ژووردا کرد. باپیرە کاتێك ئەوی بینی سەری سوڕما لەوەی، کە هۆی ئەم هاتنەی ناو ناوە سەردان.

– ئەو کەسانەی من لایان کاردەکەم، خزمێکی زۆریان هەیە، بەم شێوە پورە دێتە دەستی بە قسە کردن کرد: > بەڕێز هێرمان لەگەڵ کچەکەیدا لە خانوویەکی زۆر گەورەو خۆشدا لە فرانکفورت دەژین، بەڵام کچەکەی کەمئەندامە، بۆیە پێویستی بەیەکێکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هاوکاری بکات، منیش بڕوام وایە، کە هایدی زۆر گونجاوە.

" بەڵام من نامەوێت لەگەڵتدا بێم" هایدی ئەمەی گوت.

– ئەمە زۆر گران نیە، ئەگەر بە دڵت نەبوو، ئەوا دەتوانیت بگەڕێیتەوە. ئێمە بە شەمەندەفەری خێرا سەفەر دەکەین، ئەگەر خواستت، هەر بە خێرایی دەتگەڕێنمەوە بۆ ماڵەوە.

لە کۆتایدا هایدی وازی هێناو ڕازی بوو بە سەفەرەکە. لەناو ئەو دۆڵەی سەر ڕێگاکەیان توشی پێتەر بوو. هایدی هاواری کرد پێتەر من بە سەردانی دەچم بۆ فرانکفورت.

داپیرە هاواری کرد: هایدیمان لەدەست دەرمەکە دێتە !.

پورە دێتەش پێشنیاری کرد بۆ هایدی، کە لە فرانکفورت دیارییەکی جوانی بۆ بهێنێت، پێم وا بێ شیرسەمون*٧ی بەناوودەنگە.

هایدی ئەم هزرەی زۆر بە باش زانی، بۆیە گوتی: دەی پەلە بکە، خێرا با بڕۆین، بەڵکو بتوانم ئەمڕۆ سەمونەکەی بۆ بهێنم.

بۆ ڕۆژی دوایی هەر دووکیان گەشتنە ماڵە گەورەکە لە فرانکفورت. سەرەتا بە کلاودیای خانەداری ناساند و پاشان بردی بۆ ژوورێك بە کلارای دوانزدە ساڵانە، کە لەسەر تەختێك ڕاکشا بوو ناساند.

– هایدی تەمەنی چەندە؟ خانەدارەکە پرسی

– من بە تەواوەتی نازانم، بەڵام پێم وایە دە ساڵانە ! پورە دێتە وەڵامی دایەوە.

– بەڵام باپیرەم گوتی: کەمن هەشت ساڵانم.

– کەواتە تۆ ئێستا چوار ساڵ لە کلارا مناڵتریت، خانەدارە ئەمەی گوت و پرسی: تا ئێستا چی کتێبێکی خوێندۆتەوە؟.

www.kurdistannet.org
17-12-2002 23:08

– هیچ کتێبێك! من هێشتا فێری خوێندنەوە نەبووم. هایدی وەڵامی دایەوە

– ئەم منالە ئەو کەسە گونجاوە کۆمەڵایەتییە نیە بۆ کلارا!.

کاتێك هایدی و پورە دێتە وویستیان لە ژوورەکە وەدەربکەون، کلارا پرسی: هایدی ئایا بە هاتنت بۆ فرانکفورت خۆشحاڵ بوویت؟.

– نەخێر، سبەینێ ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

– بە پێکەنینێکەوە کلارا، ئەزانی تۆ سەیریت. تۆ دڵشکاو بوویت لێرە کاتێك ئەتوویست لەگەڵ من وانە وەربگریت، بەڵام با بزانیت، کە جاری وا هەیە زۆر بێزارکەرە، بەهەر حاڵ دەبێت تۆ خۆت فێری خوێندنەوە بکەیت.

کلاودیای خانەدار گەڕایەوە بۆ ژوورەکە تا کلارا ببات بۆ ژووری نان خواردن. لەسەر قاپێکی تەنیشت هایدی شیرسەمونێکی نەرم دانرابوو. تیمۆی خزمەتچی ئاماژەی بۆ هایدی کرد، کە ئەوە بۆ ئەو دانراوەو دەتوانێت بیخوات، بەڵام هایدی بە پەلە خزاندیە ناو جانتاکەی، چونکە دەیەوویست بۆ داپیرەی پێتەری هەڵبگرێت.

کلاودیای خانەدار دەستی بەرێك وپێککردنی ماڵەکە کرد، بەڵام هایدی چونکە زۆر ماندوو بوو هەرزوو خەوی لێکەوت، بۆیە خانەدارەکە هات و بردی بۆ ناو جێگای نووستنەکەی. .

سبەینێ کاتێك هایدی بێداربووەوەو لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، لە هەموو لایەکەوە خانووی بەرز بەرزە، هایدی بەمە سەری سوڕما، کە جگە لە خانوو هیچ شتێکی تر نابینێ، نە درەختێك نە کێوێك، خانوو هەموو لایەکی داگیر کردووە.

لەپاش ناشتی هایدی لە تیمۆی خزمەتچی پرسی: مرۆڤ لە کوێوە دەتوانێت دۆڵەکان ببینێت؟.

– لە پەنجەرەکەوە بورجی کڵێسایەکی نیشانداو گوتی: ئەگەر بخوازیت دۆڵەکان ببینیت، دەبێت سەربکەویتە سەر ئەو بورجە.

پاش ئەم قسە هایدی ڕۆشتەدەرەوە بۆ سەر شەقامەکەو ڕێگای کڵێساکەی گرتەبەرو سەرکەوتە سەر بورجەکەو سەیری خوارەوەی کرد: جگە لە سەربانی خانووەکان و دوکەڵکێشەکان نەبێت هیچی تری نە دەبینی، بۆیە سەری سوڕماو لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەوە چۆن هەموو وا گۆڕان!.

لەو کاتەدا هایدی وویستی لەسەر بورجەکە بێتە خوارەوە، لەسەر قادرمەکان پشیلەیەکی گەورەی بینی لەگەڵ کۆمەڵە بەچکەیەك لەناو سەبەتەیەکدا، ئەمانەش لای ئەو ئەوەندە جوان بوون، وای لێکرد هاوار بکات. ئەری کەسێك لێرە لەم ماڵەدا نییە.

خزمەتچی کڵێساکە لە گۆشەیەکەوە گوتی: من بۆ خۆم ناتوانم ئەوانە ڕابگرم.

بۆ ڕۆژی داهاتوو، لە کاتی ڕۆیشتنی قوتابیان بۆ قوتابخانە تیمۆ لە خوار ژوورەکەی لای ڕاستەوە، بە سەبەتەیەکی گەورەوە، کە حەوت بەچکە پشیلەی تێدا بوو هاتە دەرەوە، بەچکە پشیلەکان لەناو سەبەتەکەدا تلیان دەدا. بەڵام کاتێك کلاودیای خانەدار ئەمەی بینی بە ئاستەم قاچەکانی هەڵدەهێنا، زۆر تورە بوو، بۆیە ئەو گوتی: ئەمەم بۆ کلارا هێناون و ڕۆشت بۆ ژوورەکەی کلاراو بە کلارای گوت: دەبێت ئێمە جێگایەکی نهێنی و دڵنیا پەیدا بکەین تا ئەم بەچکە پشیلانەی تێدا حەشار بدەین، هەر کاتێکیش کلاودیا لێرە نەبوو دەریاندەهێنینە دەرەوە.

پاش ئەمەو کاتێك کلاودیا تێگەیشت، کە ئەمە کاری هایدیەو ئەو بە نیازی کلاراوە بەچکە پشیلەکانی هێناوە هەڕەشەیەکی توندی لە هایدی کرد، بەڵام ئەو گوتی: نا، نا با چاوەڕوان بکەین تا بابە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە.

کاتێك باوکی کلارا لە کار گەڕایەوە، ئەمە زۆر کاری تێکرد، بۆیە یەکسەر ڕۆیشتە لای کلاراو هایدی. پاش سڵاوکردن گوتی: ئائەمە کیژۆڵە سویسرییەکەیە، نازانم بەرگەیان دەگریت یا لەگەڵتدا باشنین؟

– نا، کلارا لەگەڵ مندا زۆر میهرەبانە، هایدی یەکسەر ئەم قسەی کرد.

– وە هایدیش قەت شەڕو دەمەقاڵێ ناکات، کلارا ئەمەی بە پەلە بۆ دڵنیابوون گوت و گوتی: تەنها کلاودیایە سکاڵاو هەڕەشەی تاڵی لێدەکات.

باوکی کلارا وەڵامی دانەوە: ئەگەر کلارا پەیوەندی کۆمەڵایەتی هایدی بەدڵ بێت، ئەوا هایدی دەتوانێت لێرە بمێنێتەوەو ئەمرۆش دایکم دێت بۆ ئێرە. ئێستا هەموو شتێك تەواوو ڕێك و پێکە.

نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی وەك هەر جارێکی تر دەبوایەت کلارا لە ژوورەکەی خۆی پاڵبکەوێت، بانگی داپیرەی کرد تا هایدی بناسێت، چونکە هایدی زۆر خۆشحاڵبوو. هایدی و کلارا پێکەوە سەیری کتێبی وێنەیان دەکرد، لەپڕ هایدی لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکدا وێنەی گوندێکی بچوك، کە کۆمەڵە ئاژەڵێکی لەدەور بوو بینی، ئەمەش یەکسەر فرمێسکی لە چاوەکانی هێنا!.

داپیرەی کلارا، کە ئەمەی بینی دەیەوویست خەمەکەی سارێژ بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر نەگری، بۆیە گوتی: وەرە با بڕۆین فرمێسکەکانت بسڕیت بۆ ئەوەی بۆم بگێڕیتەوە، کە وانەکەی ئەمڕۆتان چی بوو، دەی بابزانم دەتوانیت کەمێك بخوێنیتەوە؟.

– نا، ناتوانم، چونکە ئەوە ئاسان نییەو زۆر گرانە، پێتەریش زۆری هەوڵدا فێر ببێت، بەڵام هێشتا ناتوانێت بخوێنێتەوە!.

– من بڕوام وایە، تۆ ئەتوێت زۆر زوو فێر ببیت، ئەوە نییە کتێبێکت بە دیاری بۆ هاتووە.

پاش کەمێك داپیرەی کلارا زۆر سەری سوڕما لەوەی، کە بینی یەکەمجار هایدی لە (ا، ب، س) تێنەدەگەیشت، کەچی ئێستا دەتوانێت بخوێنێتەوە!.

سەرلە ئێوارە هایدی لەسەر ئەو مێزەی لێی دانیشتبوو، قاپێك دانرابوو، لەتەنیشت قاپەکەش کتێبێکی وێنەی شکۆدار دانرابوو، بەڵام کاتێك داپیرەی کلارا دەبوایەت سەفەری بکردایەت، هایدی دەستی بە گریان کردەوە، لەبەر ئەوەی، کە کلاودیا هەڕەشەی ئەوەی لێکردبوو ئەو کتێبە لا بەرێت و سەیری نەکات، بۆیە ڕاچڵەکی و ڕەنگی هەڵبزرکاو دەستی بە گریان کردەوە.

پاش ئەوەی هەفتەیەك بەسەر چوو، شتێکی زۆر سەیر لە ماڵەکەدا ڕوویدا! هەموو بەیانییەك پاش ئەوەی خزمەتچییەکە بێداربێتەوە دەرگای ماڵەکە بەتەواوەتی دەکەوتە سەرپشت. دوای ئەمە زۆری پێناچێت دەگەنە ئەو بڕوایەی لە ماڵەکەدا (ڕۆح) *٨ێك هەبێت، بۆیە کلاودیا بەپەلە نامەیەك بۆ باوکی کلارا دەنووسێت و تکای لێدەکات بە پەلەو هەرچۆنێك هەبێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

باوکی کلارا یەکسەر ترسی لێدەنیشێت و وا بۆی دەچێت، کە کلارا لە دۆخێکی ترسناکدا بێت، بۆیە بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆ فرانکفورت. یەکەم شەو لەگەڵ هاوڕێ دکتۆرەکەیدا، دەمێننەوەو چاوەنواڕی (ڕۆح) ەکە دەکەن. . .

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ڕێك و دروست کاتژمێر یەکی شەو گوێیان لێبوو لەسەرەخۆ کلۆمەکە*٩ پاڵ ئەنرێت و کلیلەکان بۆ خۆیان دەسوڕێن و دەرگاکە دەکرێتەوە! . باوکی کلارا پەلاماری تفەنگەکەی داو ڕۆیشتە پشتەوە، دکتۆریش بەدوایدا.

تریفەی مانگ لەناو دەرگاکراوەکەدا دەدرەوشایەوەو وێنەیەك کەوتە بەچاویان.

– .

کاتێکیان زانی هایدی بە جلە سپییەکانی خەوەوە لەوێدا وەستاوەو شێوەی ترسێك لەچاوەکانییەوە دیارەو لە ترسانیش هەڵدەلەرزێ.

باوکی کلاراو دکتۆر بەمە زۆر شڵەژان و دکتۆر پرسی: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟.

– نازانم! هایدی بە شڵەژاوی وەڵامی دایەوە

– دەبێت من ئەم کیژۆڵە ببەمەوە بۆ ناو جێگاکەی. دکتۆر بە وریاییەوە دەستی هایدی گرت و بردیە سەرەوەو پێی گوت: هیچ مەترسە، بۆم بگێڕەوە بزانم خەوی چیت بینیوە؟

– من هەموو شەوێك لەخەوما، وا دەزانم لای باپیرەمم لە سەر کێوەکە، بەردەوام بە پچڕ پچڕ گوتی: بەڵام کاتێك بێدار دەبمەوە، من هێشتا لە فرانکفورتم.

– ئیتر بەسە فرمێسك مەرێژەو ترسەکەت لەو کەسانەی بینیتن برەوێنەوە، دەی برۆ بخەوە ئێستا هەموو شتێك وەك خۆیەتی.

دکتۆر گەڕایەوە بۆ لای باوکی کلاراو گوتی: (ڕۆح)ەکەی ماڵ ئێوە هایدییە! ئەو لەتاو ئازاری نیشتیمانەکەی نەخۆش کەوتووەو هەموو شەوێك لەخەو ڕادەپەڕێ، بۆیە تا زووترین کاتە بینێرنەوە بۆ ماڵەوە.

سبەینێ لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا، خزمەتچییەکە هەموو شتەکانی هایدی کردە جانتایەك و ئەسپێك و گالیسکەیەکی بۆ ئامادە کرد. کلارا بەم ڕۆیشتنەی هایدی زۆر خەمبار بوو، بەڵام باوکی بەڵێنی پێدا لەهاویندا بینێرێت بۆ سویسرا. لەو کاتەدا، کە هایدی خەریك بوو بڕوات، کلارا دوانزە سەمونی نەرمی پێدا، بۆ ئەوەی بیبات بۆ داپیرەی پێتەر.



ڕێگاکە پێویستی بە ڕۆژو نیوێك دەبوو تا بگاتەوە ماڵەوە. بۆ ڕۆژی دوایی گەشتنە وێسگای شەمەندەفەری گوندێك، کە ئاشەوانی گوندەکە بە ئەسپ و گالیسکەیەکەوە چاوەنواڕی دەکرد. هایدی سواری گالیسکەکە بوو لەگەڵ ئەودا بەڕێکەوتن.

کاتێك گەیشتنە گوندەکە هایدی بە هەورازەکەدا، کە دەکەوتە پێش ئەو ماڵەی پێتەری لێدەژیا بەڕێکەوت. داپیرە بەبێ ئەوەی هایدی هیچ بڵێت، بەدەنگی پێیدا ناسییەوە.

– من هایدیم، جارێکی تر هاتمەوەو نامەوێت بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر لێرە دووربکەومەوە.

پاش ئەوەی هایدی ڕۆشتە ژوورەوە، لەبەردەم پیرەژنەکەدا هاتە سەرچۆك و سەمونە نەرمەکانی خستە ناو کۆشییەوەو کڵاوەکەی لەسەری داکەندو دەستی بە داکەندنی جلەکانی بەری کرد، بەتەنها ژێرکراسە قۆڵ کورتەکەی جاران نەبێت، کە پێیەوە بازبازێنی دەکرد.

پاش کەمێك هایدی ڕێگای ماڵەکەی باپیرەی گرتە بەر، کە پێشتر شارەزای بووبوو. کاتێك گەیشتە لای کۆڵێتەکەی باپیری پڕ بە قوڕگی هاواری کرد. باپیرە، باپیرە... بەردەوام بانگی دەکردو هەندێجار پێدەکەنی و هەندێجار دەگریا، باپیرەەە

– هایدی ئەوە تۆیت جارێکی تر بۆ ئێرە گەڕایتەوە!. هایدی باوەشی پێداکردو نامەیەك، کە باوکی کلارا بۆی نووسی بوو سەبارەت بە هایدی دایە دەست.

– لەوبڕوایەدای، کە تۆ تا ئێستا حەزت لەشیری بزنە، زەرکێکی لێوان لێو بەشتدەکات؟. باپیرە پرسی.

لەوکاتەدا هایدی خەریکی خواردنەوەی شیر بوو، لەدەرەوە گوێی لە دەنگی زەنگۆڵە بوو، ئەوە پێتەر بزنەکانی هێنایەوە. کاتێك پێتەر هایدی بینی بەسەر سوڕمانەوە لە جێگای خۆی وەستا. "من زۆر شادمان بووم، کە تۆ جارێکی تر گەڕایتەوە بۆ ئێرە" سبەینێ بۆ لەوەڕاندنی بزنەکان دێیتەوە لەگەڵما؟.

هایدی زۆر بەختەوەر بوو، کە ئێوارە بۆ جارێکی تر لە جێگاکەی لەسەر گزرەکە پاڵکەوت و زۆر قوڵ و باش خەوی لێکەوت. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تێپەڕی، ئێوارەیەك باپیرەی گوتی: من نەخشەیەکی تەواوم کێشاوە، کە زستان لە گوندەکە ماڵێکت بە کرێ بۆ بگرم، بۆ ئەوەی بتوانیت بە درێژایی سەرمای ساڵ بچیتە قوتابخانە!.

باپیرەی ماڵۆچکەیەکی بۆ گرت و هەموو شتێکیشی بۆ دابین کرد، بەڵام هایدی سەرەتا چونکە ڕانەهاتبوو بە تایبەتیش لەگەڵ سۆپا کاشییەکەدا هەستی بە بێتاقەتی دەکرد.

ماوەیەکی درێژبوو هایدی گوێی لە دەنگی باپیرەیی و باعەباعی بزنەکان نەبوو، بەڵام زۆر بەختەوەر بوو، کە هەموو ڕۆژێك دەچووە قوتابخانەی گوندەکە. هایدی هیچ قسەیەکی لەسەر پێتەر نەدەکرد، کاتێك پێش ئەو ڕۆشتبووە قوتابخانە، بەڵام هێشتا بە دروستی نەیدەزانی بخوێنێتەوە.

ڕۆژێکیان هایدی پێتەری بۆ ماڵەوە لەگەڵ خۆی برد تا بۆ خوێندنەوە تاقی بکاتەوە، بەڵام ئەو گورج ئەو ڕستانەی هەڵبژارد، کە پێشتر داپیرەی بۆی خوێندبووەوە!.

ساڵ کۆتایی هات و بەفر بەتەواوەتی توایەوە، هایدی گەڕایەوە بۆ کۆڵێتەکەی باپیرەی. ئێستا هایدی ئەتوانێت بزگەلەکە لە ماڵەوە بۆ ئەودیو شاخەکە بۆ لەوەڕاندن ببات.

لە گەڕانەوەیدا ئێوارەیەك بینی نامەیەکی لە کلاراوە بۆ هاتووە، کە لەگەڵ داپیرەیدا دەیانەوێت سەردانی بکەن!. هایدی ئەوەندە خۆشحاڵ بوو نەیدەزانی چی بکات، ئەوە کلارا دێت... کلارا دێت.



بەیانییەك ئەوان هاتن و هەموویان پێکەوە لەسەر ئەو مێزەی، باپیرەی لەدەرەوە لە تەختە دروستی کردبوو دانیشتن.

– ئێرە زۆر خۆشە، هەر بەڕاستی منیش دەمەوێت لێرە بژیم! کلارا ئەم قسەی کرد.

– بەڵێ من ئەتوانم خەمی ئەم کیژۆڵە بخۆم! باپیرەی هایدی ئەم پێشنیارەی کرد.

لەکۆتاییدا گەیشتنە ئەوەی، کە کلارا دەتوانێت بۆ مانگێك بمێنێتەوە، ئەمەش هایدی زۆر خۆشحاڵکرد.

ڕۆژ بە ڕۆژ کلارا واز*١٠ی باشتر دەبوو. تا ڕۆژێکیان هایدی تکایەکی لە باپیرەی کرد، کە ئەوان سبەینێ ناتوانن لەگەڵ بزگەلەکە بچنە دەرێ!. بۆیە بۆ ڕۆژی داهاتوو باپیرەی کورسییە بزوێنەرەکەی*١١ هێنایە دەرەوەو گەڕایەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی کلارا بهێنێت. لەم کاتەدا پێتەر پەیدا بوو، کورسییەکەی سوڕاندو لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەمە دوژمنمە، چونکە ئەو وەك ئیرەییبەر*١٢ێك ئیرەیی بەوە دەبرد، کە هایدی زۆربەی کاتەکانی بۆ کلارا تەرخانکردووە.

"ئەگەر من ئەم کورسییە بەرەو خوار تل بدەمەوە، ئەوا کلاراش لێرە دەڕوات" پێتەر ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت. بۆیە سەیرێکی ئەملاولای خۆیکردو بینی کەسێك دیار نییە، بە هەموو هێزی کورسییەکەی بەرەو خوارەوە خلۆرکردەوە.

کورسییەکە خێراو خێراتر بەرەو خوارەوە تل دەبووەوە، هەتا دواجار کێشای بە گا بەردێکداو بوو بە چەندین پارچەوە.

کاتێك باپیرە، کلارای لەماڵەوە هێنایە دەرەوە، بینی کورسییەکە نەماوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ڕەنگە هەوا هەڵی گرتبێت!.

" هەر بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە!" ئەمەی بە ناوچەوانێکی گرژەوە گوت و ڕۆیشت پایەخێکی هێنا، کە کلارا بتوانێت لەسەری دابنیشێت. پاش ئەمەش کەوتە سۆراخی کورسییەکە. بەڵام کلارا هەرچۆنێك هەبێت دەیخواست ئەو گوڵانەی، کەمێك لەسەروی ئەوانەوە لەسەر چیاکە لە نزیکەوە ببینێت، کە تازە پشکوتبوون.

هایدی کاتێك هەستی بەمەکرد بانگی پێتەری کرد، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات، بەڵام پێتەر سەرەتا ئامادە نەبوو، کەچی پاش کەمێك بیری کردەوە مەسەلەکە وا نییە وەك ئەو بیری لێ دەکردەوە، هەر بۆیە زۆر شەرم دایگرت، بەتایبەتیش بۆ کورسییەکە!.

بە هەردووکیان ڕۆیشتنە ژێر باڵی کلاراو زۆر ئاگاداری قاچەکانی بوون، بەڵام کلاراش زۆر بە وریاییەوە هەندێ جارهەوڵی دەدا بۆ خۆی هەنگاو بنێت. سەرەتا کلارا هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بەڵام کەم کەم باشتر دەبوو. کاتێك هایدی هەستی بەم هەوڵەی کلارا کرد بۆ ئەوەی زیاتر هانی بدات و نەترسێت گوتی: دەی کلارا مەترسە هەستدەکەم بەك نزیکانە تۆش وەك ئێمە بۆ خۆت ڕێ بکەیت.

– پێتەر گوتی: هایدی ڕاستدەکات، ئەوەتا هێواش هێواش باشتر دەبیت.

کلارا ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو، تا ئەو کاتەی داپیرەی کلاراو باوکی بۆ سەردان هاتنە کێوەکە. پێش هەموو شتێك بۆ هەواڵی تەندروستی کلارا ڕۆشتنە لای باپیرە!.

– باپیرە بە پێکەنینێکەوە گوتی: دیارە لەبەر خۆدانە بەرهەتاوو هەوای پاکی چیا مەرەخەسیتان وەرگرتووە تا بێنە ئێرە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەم سەفەرەتان بۆ سویسرا هەواڵێکی خۆشی کتوپڕی پێوەیە.

کاتێك ئەوان بە هەورازەکەدا سەردەکەوتن بۆ سەر چیاکە بۆ لای کۆڵیتەکەی باپیرە، هایدی و کلارا چاویان لێبوو، بۆیە بەپەلە بەرەو کۆڵیتەکە گەڕانەوە.

کلارا باوەشی بە باوکیدا کردو بە چاوێکی گەشەوە گوتی: بابە دەڵێی نامناسیت؟.

– هەر بەڕاستی تۆ کلارا بچکۆلەکەمی؟ لەگەڵ ئەم پرسیارەدا ڕوخساری سور هەڵگەڕا. لەپڕێکا لەژێر درەختەکانەوە خشە خشێك پەیدا بوو، بەڵام باپیرە زوو بینی وا پێتەر بە دزییەوە بە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت خۆی سکەخشەیەتی. پاش کەمێك داپیرەی کلاراش بینی، بۆیە بانگی کرد، هێی کوڕی لاو وەرە دەرەوە هیچ ترسێکیت نەبێت.

پێتەر هاتە دەرەوەو لێیان نزیك بووەوە، بەڵام كاتێك داپیرەی كلارا لێی پرسی: ئەوە چییە، چیت كردووە وا دەترسیت؟.
بەڵام زوو باپیرە هاتە وەڵام و گوتی: كاتێك ئەو لەبەر ڕەشەبا بوو كورسییەبزوێنەرەكە بۆ خوارەوە تل بووەوە!.

– كەواتە دەبێت باجەكەی بدات؟ داپیرە بە پێكەنینەوە.

پێتەر كاتێك ئەم قسانەی بەرگوێ كەوت ترسی لێنیشت، بەڵام هەر زوو داپیرە هەستی پێكرد، بۆیە گوتی: ئەگەر كلارا كورسیەكەی لەدەست نەدایەت ڕەنگە فێری ڕۆیشتن نەبوایەت!. هایدی یەكسەر بە پێكەنینەكەوە هاتە وەڵام و گوتی: ئێستا ئەو هەر كاتێك بخوازێت لەگەڵ ئێمەدا دەتوانێت بێت بۆ سەر چیاكە.

هایدی چیتر ناتوانیت كێوە خۆشەویستەكەی بەجێ بهێڵێت، بەڵام وەك ئەوەی كلارا پەیمانی دابوو، هەموو ساڵێك لە هاویندا سەردانی دەكرد، وە پێتەریش لەبەر ئەوەی ئیتر وازی لە ئیرەیی هێنابوو پێكەوە هەر سیانەكەیان بوو بوون بە هاوڕێكەیەكی زۆر دڵسۆزی یەكتر.

فەرهەنگۆك

*١– گزرە: ئەو گیایەی بۆ زستان بۆ لەوەڕی ئاژەڵ هەڵدەگیرێت.

*٢– زەرك: جامی لەمس دروستكراو، دەفر،قاپ

*٣– شێو: ژەمی خواردنی ئێوارە

*٤– تاشتی: قاوەڵتی، بەرقلیان، خواردنی بەیانیان

*٥– سەرسەرە: ئەو گالیسكەی لەسەر بەفر دەیئاژوون

*٦– كێونشین: لێرە مەبەست كەسێكەماڵی لە سەركێوە

*٧– شیرسەمون: ناوی جۆرە سەمونێكە، بەشیر دەشێلرێت

*٨– ڕۆح: تارمایی، خێو، پەری

*٩– كلۆم: قفلێ\كلیلی دەرگای دارین

*١٠– واز: ئارەزووكردنی خواردن، ئیشتها

*١١– كورسی بزوێنەر: مەبەست لەو كورسییانەیە، كە تایبەتە بە كەسانی نەخۆش

*١٢– ئیرەییبەر: كەسێكی حەسود

سەرچاوەكان

١– Heidi .Übersetzt aus dem Englishen von Wiebke Diederichs, Hamburg. Illustrationen. Jennz Press
٢– www.heidi-film.de
٣– www.heidi01.ch

www.kurdistannet.org کوردستان نێت